# ئابووری کار

قۆناغی دووەم – بەشی ئابووری

مامۆستای بابەت : م.ی.هیمداد امین ابوبکر
himdad.abubakr@su.edu.krd

2023 - 2022

# چەند چەمكێك كە پەیوەندی بە خستنە ڕوی كارەوە هەیە

1-دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابووری ،زۆرترین بەشی دانیشتوان دەگرێتەوە ، ئەمیش ئەو بەشەیە لە دانیشتوان كە دەكەوێتە نێوان بچوكتڕین وگەورەترین سنوری تەمەنی كار كردن .

پ/ دیاریكردنی چەمكی دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابووری ناروونی پێوە دیارە ؟

و/ چونكە بە هۆی نەبوونی ڕێكەوتن بۆ دیاریكردنی هەردووسنوری تەمەنی كاركردن ، چونكە دیاریكردنی سنورەكانی تەمەنی بە هۆی داب و نەریتی كۆمەلأیەتیەوە كە ئەمەش دەگۆرێت لەكۆمەلگایەك بۆ كۆمەلگایەكی تر .

بەلأم ئەمە لە كاتی ئێستا ئەم كێشەیە چارەسەر كراوە بە هۆی بوونی یاساو ڕێسای تایبەت بە كرێكاران

2-دانیشتوان لە دەرەوەی هێزی کار ئەم کەسانە دەگرێتەوە:

ئەمەش چینی دووەمە لە دانیشتوان کەتوانای کارکردنیان نیە ئەم چینانە لە دانیشتوان دەگرێتەوە :

أ-پیرەکان : ئەوکەسانەی گەیشتنە تەمەنی خانەنشینی توانای کاریان نامێنێت .

ب- منداڵ : ئەمەش بەشێکی زور دەگرێتەوە لە دانیشتوان بە تایبەتی لە وولآتانی تازە پێگەیشتوو .

ج-ئەو ژنانەی کە لەماڵەوە کار دەکەن.

د-ئەوکەسانەی کە دەستیان لەکار کێشاوەتەوە کە بۆماوەیەکی کاتی یان کۆتای دابڕاون لە بازاڕی کار وەك نەخوش ، پەکەوتە ، گیراوەکان

3-**هێزی کاری یەدەگ** :ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بۆ ماوەیەکی کاتی لە بازاڕ دابڕاون ،ئەمەش ئەمانە دەگریتەوە:

أ-قوتابی زانکۆوپەیمانگاکان

ب-ئەو ئافرتانەی کە لەماڵەوە ئیش دەکەن بە شێوەی کاتی بەڵام بەهۆی گۆڕانی داب و نەریتی دەگەڕێنەوە بازاری کار .

ج-ئەوکەسانەی کە لەنەخۆشخانە کەوتون یان لە زیندانن بۆ ماوەیەکی کاتی دوایی دەگەڕێنەوە بۆ بازاڕی کار .

## 4-تێکڕایی بەژداری کردن لە هێزی کار :-

بریتیە لە دەرخستنێکی ڕاستە قینە کە قەبارەی گشتی خستنە ڕوو لە هێزی کار لە کۆی گشتی دانیشتوان دیاری دەکات .

ئەم تێکڕایە جیاوازە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەپێی جۆر وهەیکەلی دانیشتوان یاخود بەپێی جیاوازی دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابووری وەیەدەگیی هێزی کار بەرزی نرخی کرێ ئەو تێکڕایە دەگۆڕێت بە پێی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وئابووری وڵات لە وڵاتانی پێشکەوتو لە ڕووی پیشەسازیەوە (سەرمایەداری و سۆشیالیستی) ئەم تێکڕایە بەرزە بەڵام ئەم تێکڕایە لە وڵاتانی دواکەوتوو نزمە

پ/دیاری کردنی بەرزترین و نزمترین تێکڕا بەشداری لە هێزی کار سودی چیە ؟

و/لە بەرئەوەی قەبارەی گشتی ئەو هێزەکارەی کە دیاری کراوە و کە خراوەتە ڕوو لە کۆی گشتی دانیشتوان دیاری دەکات .

پ/ڕێژەی بەژداری کردن لە بازاڕی کاردا پەیوەندی بە چیەوە هەیە؟

و/پەیوەندی بەڕێژەی دانیشتوانی چالاك لە ئابووری وە ئاستی پێشکەوتنی چالاکی ئابووری و داب ونەریتەوە هەیە .

# پ/ڕێژەی بەژداری کردن لە بازاڕی کاردا لە وڵاتانی پێشکەوت یان وڵاتانی دواکەوتوو زیاترە؟بۆچی؟

و/لە وڵاتانی پێشکەوتو زیاترە وەك لە وڵاتانی دواکەوتوو

چونکە ڕێژەی دانیشتوانیان لە تەمەنی کاردا زۆرترە وئاستی پێشکەوتنیان لە چالاکی ئابووریدا وە زیاتر داب ونەریتیان ڕێگەی کارکردنیان دەدات

# بەشی سێیەم

# خستنەڕووی کار

خستنە ڕووی کار/بریتیە لە کۆی ئەو کرێکارانەی کار دەکەن وە ئەوانەی بە دوای کار دا دەگەڕێن لە چوارچێوەی ئەو کرێیە لە بازاردا .

هەندێك جار بە خستنەڕوو کار دەووترێت هێزی خراوەڕوو کە بریتیە (( لە کۆی گشتی (بڕی جۆری ) لە هێزی مرۆیی ، لایەنی جۆری بریتیە لە توانای عەقلی و ئاستی خوێندن شارەزایی و لێهاتووی ، ئەمە لایەنی بڕی بریتیە لە قەبارەی گشتی دانیشتوان)).

هەندێکی تر دەڵێن خستنەروو کار بریتیە لە : رێژەی دانیشتوانی مەدەنی کە دەگەنە تەمەنی کارکردن وە کاردەکەن لە کەرتەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری بەرامبەر کرێ وە ئەوانەی کارناکەن بەلاّم توانا و ئارەزووی کارکردنیان هەیە وە ئەوانەی بە دوای کاردەگەرێن . لەم پێناسە دەردەکەوێت تەنها خستنەرووی کاری مەدەنی دەگرێتەوە هێزی کاری عەسکەری ناگرێتەوە .

وەچەند لایەنێکی تر هێزی عەسکەری بە خستنەرووی کار دادەنێت بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ((خستنەرووی کار پێك دێت لە دوو کۆمەلە هێزی کاری عەسکەری کە ئامانجیان دابین کردنی ئەمنە وە هێزی کاری مەدەنی لە گشت کەرتەکانی ئابووری )).

هەوڵێکی زۆر درا لە لایەن دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم لایەنە بۆ دیاریکردنی پێناسەی حستنەرووی کار

پاشان هەڵسان بە دابەش کردنی خستنەرووی کار بۆ :

1-خاوەن کار : ئەو کەسانەی کە چالاکیەکی ئابووری بەرێوەدەبەن بۆ حسابی تایبەتی خۆیان

2-کارکردن بۆ حسابی تایبەتی : ئەو کەسانەی لە وەرشەیەکی بچووك کار دەکەن بۆ خۆیان .

3-کارکردن بە کرێ : ئەو کەسانەی کار دەکەن لە چالاکیەکی گشتی یان تایبەتی بەرامبەر بە کرێ .

4-کریکاری خێزانی : ئەو کەسانەی کاردەکەن لە ژێر چاودێری کەسێکی خێزانی بێ بەرامبەر .

لەکۆتایی دەتوانین پیناسەی خستنەرووی کار بکەین بە شێوەیەکی گشتی بریتیە :

1-ئەو کرێکارانەی کاردەکەن بە کرێ بۆ حسابی تایبەتی یان لە ژێر چاودێری یەکێك لە ئەندامانی خێزان.

2-هەموو ئەو کەسانەی ئارەزوویان هەیە بە دوای کاردەگەرێن لە بازاری کار .

3-هەموو ئەو کەسانەی لە هێزی عەسکەرین .

# ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر خستنەرووی کار(العوامل المؤثر في عرض العمل )

**1-شیکردنەوەی کلاسیك بۆ خستنەرووی کار : بە پێ ئەم بیردۆزە پەیوەندی هەیە لەنێوان دانیشتوان و خستنەرووی کار بە پێ ئەم بیردۆزە خستنەرووی کار دەگۆردرێت لەم ماوەی درێژ خەیان چونکەلەماوەی درێژخەیان هونەری بەرهەمهێنان و قەبارەی سەرمایە گۆرانکاری بەسەر دادێت کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کرێ وە ئاستی بژێوی ژیان کەئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خستنەرووی کار.**

# دوو ڕەخنە(تێبینی ) لەم بیردۆزە گیراوە

1-قەبارەی دانیشتوان تاکە هۆکارنیە کەکاریگەری هەبێت  لەسەر خستنە ڕووی کار

2-ئەوگۆڕان کاریەی کە لە خستنە ڕووی کار ڕوو دەدات تەنها لەماوەی درێژ خایەنە باسی ماوەی کورت خەیانی نەکرد.

## 2-بیردۆزی سنورەكی

ئەم بیردۆزە دەڵێت قەبارەی دانیشتوان تاكە هۆكار نیە  لەسەر خستنە ڕووی كار بەڵكوو ئامادە بوونی لایەنی دەروونی كرێكار كاریگەری دەبێت لەسەر خستنە ڕووی كار هەركاتێك سودی سنورەكی = بە ماندبوونی سنورەكی ئەوا كرێكار رادەوستێت لە كاركردن واتەكرێكار  دەتوانی كاتژمیرەكانی كاركردن دیارییبكات ئەمەش لەگەل واقع ناگونجی چونكە دیاریكردنی كاتژمیرەكانی كاركردن دیاری دەكرێت بەیاسا . باس گۆرانكاری كرد لە خستنەروو تەنها لەماوەی كورت خەیان .

# دوو ڕەخنە لەم بیردۆزە گیراوە

1- ئەوگۆڕان کاریەی کە لە خستنە ڕووی کار ڕوو دەدات تەنها لەماوەی کورت خایەنە

2-کرێکار ناتوانێ خۆی کاتژمێرەکانی کار دیاری بکات

## 3-بیردۆزی بوهم بافرك

**باس لەوە دەكات كەژمارەی كرێكار تاكە هۆكاری سەرەكیە كار دەكاتە سەر خستنە ڕووی كار  لە كەرتی پیشەسازی**

**/ دوو ڕەخنە لەم بیردۆزە گیراوە**

**⋆خستنە ڕووی كار تەنها لەماوەی درێژ خایەن دەگۆرێت**

**⋆شیكردنەوەكەی تەنها باسی كەرتی پیشەسازی دەكات .**

## 4-بیردۆزی ( بیروڕای ) نویێ

بەپێی ئەم بیروو ڕایە کۆمەڵێك هۆکار کاریگەری هەیە لەسەر خستنەرووی کار :

أ-هۆکارە دیموگرافیەکان :

1-قەبارەی گشتی دانیشتوان

قەبارەی گشتی دانیشتوان

دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابووری

خستنەڕووی هیزی کار

بەزیادبوونی قەبارەی گشتی دانیشتوان ئەوا دانیشتوانی چالاك
لەڕووی ئابووری زیا دەبێت کە ئەویش دەبیتە هۆی زیاد بوونی
خستنە ڕووی کار بەمەش دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی تێکرای
بەشداری هێزی کار .

2- تێکڕای گەشەی دانیشتوان :بریتیە لە تێکڕای ساڵانەی گۆڕانکاری لە ژمارەی دانیشتوان لەماوەیەکی کاتی دیاری کراو.

مانای وایەرێژەی مندال بەرزە بەرامبەر بەقەبارەی گشتی دانیشتوان بۆیەدانیشتوانی چالاك لە رووی ئابووری کەمە وەتێکرای بەشداری هێزی کار نزمە بەتایبەتی لەووڵاتانی تازە پێگەیشتوو.

## 3-سروشتی پەیکەری دانیشتوان (شێوەی هەرەمەکی دانیشتوان )

## دەوەستێت لەسەر تێکڕایی گەشەی دانیشتوان بۆیە دوو جۆرمان هەیە :


1-هەرەمەکی دانیشتوان فراوان ئەمەش لە وولاّتانی دواکەوتوو دەردەکەوێت بەهۆی بەرزی تێکرای گەشەی دانیشتوان هەر وەك لەم وێنە دیارە :

2-هەرەمی دانیشتوان تەسك ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمی تێکرای گەشەی دانیشتوان واتە رێژەی مندال کەمە رێژەی دانیشتوانی چالاك بەرزە ئەمەش لەوولاتانی پێشکەوتوو دەردەکەوێت.

هەرەمی دانیشتوان تەسك

هەرەمی دانیشتوان جێگیر


هەرەمی دانیشتوان فراوان




Different types of Age-distribution pyramids

ب-العوامل الاقتصادى( هۆكارە ئابووريەكان )

1-تێكڕايى كرێ/بوونى پەيوەنديەكى ڕاستەوانە لەنێوان خستنە ڕووى كار لەگەڵ كرێ هەروەك و پەيوەندى نێوان خستنەڕووى شومەك و نرخەكەى كاتێ كە كرێ بەرز دەبێت دەبێتە هۆى بەرزبوونەوەى خستنە ڕووى كار بە پێچەوانەوە ڕاستە( مانەوەى هۆكارەكانى تر بە جێگيرى)




## 2-باری خولەکانی ئابووری

خولەکانی ئابووری کاریگەری زۆریان هەیە لە سەر خستنە ڕووی کار هەر بەرزوو نزمیەك کە لەکرێ ڕوو دەدات لەئەنجامی ئەو گۆرانکاریانەی کە لە خولی ئابووری ڕوو دەدات

أ-الانتعاش-هەڵسانەوە – لەکاتی بوژانەوەی ئابووری لە هەر ولاتێك کرێ بەرز دەبیتەوە کە کرێ بەرزبوویەوە ئەوە وادەکات هێزی کار بڕۆنە بازاڕ ی کارکردن زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئافرەتانەی کەلەماڵ کار دەکەن بڕۆنە بازاڕ کار بکەن چوونکە ئەو سودەی لەکرێ یە وەری دەگریت زۆر زیاترە لەوەی کە لەماڵەوە دەستی دەکەوێت

2- انکماش – داکشانەوە : بەپێچەوانەش ڕاستە ئەو گۆڕان کاریانەش تەنها لەماوەی کورت ڕوو دەدات.

**Graph 1**


Trend line
Peak
Peak
Recession
Recession
Expansion
Expansion
Real GDP
Trough
Trough
Time

## 3- ئاستی گشتی نرخەکان :

## کاریگەری دوو لایەنەی هەیە لەسەر خستنە ڕووی کار

**- لایەنی یەکەم (کاریگەری یەکەم )**

**ئەگەر نرخ بەرزبێتەوە کرێش نەگۆر بێت دەبێتە هۆی زیاد کردنی کاتژمێرەکانی کارکردن لەلایەن کرێکارانەوە یان زیاد کردنی ژمارەی کرێکاران بەم شێوەیە خستنەڕووی کار زیاد دەبیت**

**-لایەنی دووەم (کاریگەری دووەم)**

**ئەگەر نرخ بەرز بیتەوە ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا کرێ زیا د دەکات بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی زیادبوونی خستنە ڕووی کار چوونکە ئەوزیادەیەی کە لەنرخ ڕوو دەدات زۆر زیاترە لەو زیادەیی کە لە کرێ ڕوو دەدات .**

## 4- هەنێك گۆڕاوی تری ئابووری

كۆمەڵێك گۆڕاوی ئابووری تر هەیە كەوا كاریگەری دەكەنە سەر خستنەڕووی كار كە ئەمانەن لەماوەی كورت خایەن ئاستی خەرجی بەكاربەر وە تێكڕایی وەبەرهەم هێنانی گشتی خەرجی حكومەت ، باجی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ

ئەم گۆڕاوانە كاریگەریان كەمترە لەسەر خستنەڕووی كار بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تر.

## ج-هۆكاره كۆمەڵايەتيەكان

**كۆمەڵێك هۆكارى كۆمەڵايەتى كاريگەرى هەيە لەسەر خستنە ڕووى كار بەتايبەتى لە كۆمەڵگەى دواكەوتوو.**

### 1-پێگەى كار لە كۆمەڵگا

**تەماشاكردن بۆ هۆكارى كار تەماشاكردنێكى نەرينى بووە لە زۆربەى ڕێكخستنە كۆمەڵايەتى و ئابوورى يەكان پێش سيستەمى سەرمايە دارى . بەڵام لە سيستەمى سەرمايە دارى گرنگيەكى زۆريان دا بە هۆكارى سەرمايە كە بەيەكەم هۆكار دادەنرێت لە هۆكارەكانى بەرهەم هێنان چونكە بە سەرچاوەى سەرەكى بڕيارى ئابوورى دادەنرێت**

بەڵام لە سیستەمی سۆسیالیستی  هۆکار کار بە یەکەم هۆکار دادەنریت لە هۆکارەکانی بەرهەم هێنان واتا هیچ کەسێك ناتوانێت ماندووبونی کرێکاری  تر استغلال بکات بەڵکو هەموو کرێکاریك دەبێت لە بازاڕ کار بکات .گرنگی هۆکاری کار لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی کە جیاوازە

2-هەڵوێستی کۆمەڵگا بۆ کارکردنی ئافرەت

کارکردنی ئافرەت دەورێکی گرنگی هەیە لەسەر خستنە ڕووی کار چونکە بەنیوەی کۆمەڵگا دادەنرێت لەگەڵ ئەوەش ڕێژەیەکی کەم  بەژدارن لە بازاڕی کاردا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دابوونەریتی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگا کەوا دادەنرێت کارکردن تەنها لە ئەستۆی پیاوە .

## 3-چالاکی بیمەیی کۆمەڵأتی

چالاکی بیمەی بێکاری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر خستنە ڕووی کار ، کاتێك ئەو یارمەتیە گەورەیەی دەرێت کەمتر بوو یاخوود یەکسان بوو زیاتر بوو بەڵام بەرێژەیەکی کەمتر لە کرێ دەبێتە هۆی زیاد بوونی خستنە ڕووی کار بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی کە مووچەی خانە نشینی وەردەگرن .

## 4-ئاستی ڕۆشنبیری

ئاستی ڕۆشنبیری یەکێکە لەو هۆکارانەی کەوا کاریگەری هەیە لە سەر خستنە ڕووی کار چوونکە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری دەبێتە هۆی دروست بوونی گیانی داهێنان کە ئەمەش بە هۆکارێك یان فاکتەرێك دادەنرێت بۆزیادبوونی خستنە ڕووی کار بە تایبەتی لەلایەن ئافرەت

# 5-باری تەندروستی بیروباوەڕە ئاینیەکان

**باری تەندروستی بە پاڵنەرێك دادەنرێت بۆ زیادبوونی خستنە ڕووی کار لە ڕێگەی بوونی بیمەی تەندروستی یان خزمەتگوزاری تەندروستی ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر بوونی باری تەندرووستی ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبوونی هێزی کار لە بازاڕدا .بەهەمان شێوە بیروڕا ئاینیەکان گرنگی زۆریان داوە بە کارکردن**

## د-هۆكاره سیاسیەكان

بریتەیە لە هۆكارە سیاسیە ناو خۆیەكان ئەویش بریتیە لە پاڵە بەستۆی سەندیكایی كرێكاران

لەسەر حوكومەت لەسەر كەمكردنەوەی خستنە ڕووی كار وەزیاد بوونی ئاستی كرێ كە ئەم خاڵانە دەگرێتەوە.

1-كەمكردنەوە كاتژمێری كار كردن

2-بەرزكردنەوەی نزمترین سنوری تەمەنی كاركردن هەروەها كەم كردنەوە بەرزترین سنوری كاركردن

3-دابینكردنی بیمەی كۆمەڵایەتی بەتایبەتی بیمەی تەندروستی

4- كاركردن بۆ دانانی سنورێك بۆ كۆچی دەرەكی ئەوكرێكارانەی لەدەرەوە دێن بۆ ناو خۆ

5-ماوەی ڕاهێنانی كرێكارانی ناوخۆ زیاد بكرێت

## ه-هۆكاره یاسایەكان

بریتیه لەو هۆكارانەیی بەكار دێت بۆ ڕێكخستنی بازاڕی كار بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم هۆكارانەش بریتیه له :-

1- دیاری كردنی هەردوو سنووری تەمەنی كاركردن (واته بەرزترین ونزمترین ئاستی كاركردن )

2-دیاری كردنی كاتژمێرەكانی كاركردنی ڕۆژانه

3-دیاری كردنی تێكڕایی سالآنەی كرێكاری بیانی كه دێنه ناو خۆ

4-دەركردنی یاساو ڕێسایی تایبەت به بیمەی كۆمەڵایەتی.

# بەشی چوارەم
# خواست لەسەر کار

پێش دیاری کردنی پێناسەی خواست لەسەر کار  ئەبێت بابەتێکی زۆر گرنگ هەیە دیاری بکرێت ئەویش پەیوەندی بە خواست لەسەر کارەوە هەیە بە خواست لەسەر کار دەلێن خواستێکی داتاشراو  بەهۆی بوونی خواست لەسەر شومەك و خوزمەتگوزاری بە پێی بیرۆزی ئابووری

خواست لەسەر كار خواستێكی داتاشراوە نەوەك خواستێكی سەرەكی یاخوت

كۆتایی چونكە خواست لەسەر كار لەلایەن بەرهەم هێنەوە دروست دەبێت

بەهۆی دروست بوونی خواست لەسەر بەرهەمەكەی ، بەكار هێنەر شمەك و

خزمەتگوزاری ئەكرێت بە ئامانجی بەكارهینانیان بۆ تێر بوونی ئارەزووی

بەكار هێنەرەكان بۆیە خواست لەسەر شومەك و خزمەتگووزاری خواستێكی

كۆتایە بەلام هەولدانی بەر هەم هێن بۆ بەدەست هێنانی كار ئامانجی

تێركردنی پێداویستی نیە بەلكو بەئامانجی تێركردنی و بەرهەم هێنانی بۆ

شومەك و خزمەت گوزاریە وە فرۆشتنی بە بەكاربەر ئامانجی بەدەست هێنانی

قازانجە .

**لەیەکێك لە لێکۆڵینەوەکان خواست لەسەر کار بریتیە (سەرجەم ئەو هەلی کارانەی کە هەیە لە گشت چالاکیە ئابووریەکانی دەوڵەت ).**

**وە لەسەر ئاستی گشتی خواست لەسەر کار بریتیە لە توانای ئابووری نەتەوەیی بۆ بەکارخستنی دەستی کار.**

**وە لە ڕوانگەی بەرهەم هێنەوە خواست لەسەر کار بریتیە لەبەکارخستنی هێزی کار لەبەرامبەر کرێی ڕاستەقینەی دیاری کراو وە لەماوە و کاتێکی دیاری کراودا.**

⭑دووجۆر هەلی کار هەیە

1-هەلیکاری تێر/واتە نەبوونی هیچ شوێنێکی بەتاڵ بۆ دەستی کار واتە هەمووی تێر کراوە.


2-هەلیکاری تێرنەکراو/واتە بوونی هەلی کار بەهۆی نەبوونی هێزی مرۆی گونجاو بۆ ئیشپێکردن

# ئەوهۆكارانەی كە كاریگەریان هەیە لەسەرخواست لەسەر كار

1-ئاستی کرێ//

بەیەكێك لە گرنگترین فاكتەرەكانی ئابووری دادەنرێت وەكاریگەری هەیە لەسەر خواست لەسەر كار بەنەگۆڕارانی هۆكارەكانی تر وەك و خۆی ، بەشێوەی گریمان خواست لەسەر كار دەگۆڕێت بەپێی بەرز بوونەوەی یاخود نزم بوونەوەی کرێ لە بازاڕدا ، بە پێی بیردۆزی ئابووری خواست لەسەر كار زیاد دەكات بەكەمبوونەوەی تێكڕایی کرێ بە پێچەوانەشەوە لە كاتی زیادبوونی کرێ.

# چەماوەی خواست لەسەر کار




لەم وێنەیەدا دەردەکەوێ لەکاتی بەرزبوونەوەی (W)بۆ (W2) دەبێتە هۆی نزم بوونەوە خواست لەسەر کار لە (Q)بۆ (Q2 ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی پێچەوەانە لەنێوان خواست لەسەر کارو و کرێ دەتوانین بلێن زیادبوون و کەمبوون لە خواست لەسەر کار ڕوودەدات بەهۆی گۆڕانکاری لە کرێ

پ/خواست لەسەر کار خواستێکی داتاشراوە ؟

وەڵام/چونکە ناتوانرێت دەستی کار بەکار بهێنرێت یاخوت دابنرێت بە خواستێکی کۆتایی بەڵکو تەنها ناوەندێکە بۆ بەرهەم هێنانی شومەك و خزمەت گوزاری .

پ-خواست لەسەر شمەك و خوزمەتگوزاری خواستێکی سەرەکیە و کۆتاییە ؟

وەڵام /خواستێکی کۆتایی و سەرەکییە چونکە ئەو شمەك و خزمەتگوزاریەی کە بەرهەم دێت بەهۆی دەستی کارەوە بەرهەم دەهێنرێت یەکسەر بەکار دەهێنرێت .

2-قەبارەی دانیشتوان کاریگەری دوو لایەنەی هەیە لەسەر بازاڕی کار وە یەکێکە لە هۆکارە دیمۆگرافیەکان کە کاریگەری ئابووری هەیە لەسەر بڕی خستنەڕوو لە بازاڕی کار بۆیە کاریگەری هەیە لەسەر خواست لەسەر کار لەبازاڕی کار دا (دیڤید ریکاردۆ)پەیوەندی نیوان قەبارەی دانیشتوان لەسەر کار لەڕێگەی بیردۆزەکەی بەناوی (بیردۆزی ئەو کرێیەی پێ دەژی ) ڕوون کردۆتەوە وە وایی داناوە خواست لەسەر کار بڕی خستنە ڕوو دیاری دەکات هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کەزیاد بوونی قازانج دەبێتە هۆی زیاد بوونی سەرمایە بەمەش دەبێت هۆی زیاد بوونی قەبارەی گشتی دانیشتوان.

قازانج ـــ سەرمایە ـــ قەبارەی گشتی

هەروەها ئاماژە بە پەیوەندی پێچەوانە دەكات لە نێوان قازانج وكرێ ،كەم بوونەوەی كرێ نابێتە هۆی هاندەر بۆ بەرهەمهێنان بەمەش خواست لەسەر كار كەم دەبێت

قازانج ↓ ــــ ↓ وەبەرهێنان ــــ ↓ داواكاری لەسەر بەرهەم ــــ ↓ خواست لەسەر كار

بەڵام بیردۆزی ئابووری نوێ باس لەگرنگی دانیشتوان دەكات كەدەبێتە هۆی زیاد بوونی خواست لەسەر كار چونكە زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان واتە زیادبوونی خواست لەسەر شمەك و خزمەت گوزاری بەمەش زیاد بوونی خواست لەسەر هۆكارەكانی بەرهەم هێنان وە زیاد بوونی خواست لەسەر كار .

قەبارەی گشتی دانیشتوان ↑ ــــ خواست لەسەر شمەك و خزمەت گوزاری ↑ ــــ

خواست لەسەر هۆكارەكانی بەرهەم هێنان ↑ ــــ خواست لەسەر كار ↑

3-خستنە ڕوو خواست دروست دەكات

یاسای(سای)  ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە شیكردنەوەی ئابووری لەبیرۆكەی كلاسیكی دا

وەك ئامرازێكی شیكردنەوەی بەكار دەهێنرێت بۆ زۆربەی پەیوەندی دیاردە.

ئابووریەكان ،یاسای (سای) ئاماژە بەوە دەكات بازاڕ لە گۆرانكاریدایە واتە توانای

فراوان بوونی هەیە  هەركاتێك كە قەبارە دانیشتوان زیاد بێت پرۆژەی نوێ دروست

دەبێت بۆ دابین كردنی پێداویستی دانیشتوان بەمەش خواست لەسەر هۆكارەكانی

بەرهەم هێنان زیا دەبێت ،سیستەمی ئابووری بەپێی بیردۆزی ئابووری كلاسیك

بەرەو هاوسەنگی ئەڕوات

وەخاڵی هاوسەنگی بەخاڵی بەکارخستنی تەواو دادەنرێت وەلەکاتی تێك چوونی ئەم خاڵە هاوسەنگیە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خۆی چاك دەبێتەوە وە بەگۆڕانکاری زۆر کەم لەکرێ دەگەڕێتەوە باری هاوسەنگی

بازاڕ لە گۆڕانکاریدایە ــ دروست کردنی پرۆژەکان ــ وەبەر هینان

ــ خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ــ خواست لەسەر کار

بەڵام بیردۆزی ئابووری نوێ ڕەخنەی لە هاوسەنگی ئۆتۆماتیکی نیوان خستنەڕو خواستی گشتی بازاڕ بۆ باری بەکارخستنی تەواو وە بوونی ڕێژەیەکی کەمی بێکاری

# 4-دیاری کردنی خواست لەسەر کار بە ویستی خۆی :

لەبیری ئابووری ئیشتراکی خواست لەسەر کار دیاری دەکرێت خۆویستانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چونکە لە سیستەمی ئیشتراکی بازاڕی کارو سەرمایە نیە ،بەڵکو کاردەکرێت لەسەر پلانی ئابووری ناوەندی گشتگیری گشتی واتە بەرهەمهێنان بۆ هەموو کەرتەکانی ئابووری دیاری دەکرێت کەچەند پێویستی بە فاکتەری بەرهەم هێنان هەیە لەمەشەوە بەکار خستی تەواو ڕوو دەدات بەشێوەیەکی خۆویستانە نەوەك ئۆتۆماتیکی ئەوەی کلاسیك باسی دەکات

# 5-خواست لەسەرکار دیاری دەکرێت بەپێی دیاری کردنی بڕی کرێ

جۆن ستیوارت میل دەڵێت خواست دیاری دەکرێت بە بڕی دیاری کراو لەکرێ لەکۆی گشتی سەرمایە ئەمەش لە بیردۆزی ئابووری کلاسیکی بە بڕی دیاری کراوی کرێ باس کراوە کورتەی ئەم بیردۆزە ئەگەر بڕی ئەو کرێیە جێگیر بێت ئەوە قەبارەی بەکارخستن پابەندە بە بڕی دیاری کراوی کرێ لە کۆی گشتی سەرمایە کەدیاری کراوە بۆ بەرهەم هێنان بۆیە ستیوارت جەخت دەکاتەوە کە بەزیاد بوونی بەردەوام لە ژمارەی کرێکار دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی بڕی ئەو کرێیەی کە وەری دەگرێت لە بڕی کرێ جێگیری دانراو .

## 6-دیاری کردنی خواست لەسەر کار بەپێی خواستی گشتی چالاك

کینز هەڵسا بە ڕەخنە گرتن لەیاسای سای لەبیرۆدۆزی کلاسیك کەدەڵێت خستنەڕو خواست دیاری دەکات هاوسەنگی دروست دەبێت بە ئۆتۆماتیکی بۆیە ئەم یاسای پێچەوانە کردەوە کەخواست خستنەڕوو دیاری دەکات ،جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە کاتێك :

دەست هاتی چاوەڕوان کراو بۆ بەرهەم هێنەر بەندە ـــ ئاستی بەکارخستن ـــــ خواست لەسەر هوکارەکانی بەرهەم هێنان ـــــ خواست لەسەر کار

خواستی گشتی چالاك پێك دێت لە :

خواستی بەکاربردن( خواست لەسەر شمەك و خزمەتگوزاری کار) + خواستی وەبەرهێنان (خواست لەسەر هۆکارەکانی وەبەرهێنان ).

# 7-دیاری کردنی خواست لەسەر کار بەپێی بەرهەمداری سنورەکی کار .

بەیەکێك لە گرنگترین بیردۆزی  بەرهەمداری سنورەکی دادەنرێت لەنێو بیردۆز نوێ کەباس لەکرێ و خواست لەسەر کار دەکات کەزۆرێك لەئابووری ناسان باسیان کردوە وەك(شۆمپیتر ،مارشاڵ،بیکۆ ،ڕۆبێرتس))وشەی بەرهەمداری دەگەرێتەوە بۆ ئابووری ناس ڕیکاردۆ کەتەنها لەزەویدا بەکار هێنراوە ، بەلام ئەم بیرۆکەیە ئێستا لەلایەن زۆربەی ئابووری ناسەکان باس دەکریت

**ئەم بیردۆزە خواست لەسەر کار دیاری دەکات لەرێگەی دەسهاتی بەرهەم داری سنورەکی = بەتێچونی سنورەکی هۆکاری کار  وە لە چوارچێوەی بازاڕی کێبڕکێی تەواو لەبازاڕی کار تێچونی سنورەکی یەکسانە  بەکری ،بۆیە خاوەن کار بەردەوامە لە بەکار هێنانی دەستی کار تادەگاتە ئەو خاڵەی کە دەستهاتی بەرهەم داری سنورەکی یەکسان دەبێت بە تێکڕایی کرێ کەتێدا زۆرترین نرخ بەدەست دێت.**

## 8-کاریگەری داهات لەسەر خواست لەسەر کار:

داهات کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر خواست لەسەرکار یاخود داهاتی تاکەکەس یان داهاتی گشتی .ئەگەر تەماشای داهات بکەین لەرێگەی خەرجیەوە بریتیە لە (خەرجی بەکاربردن + خەرجی وەبەرهێنان).

1- داهات ↑ —— خەرجی بەکاربردن ↑ —— خواست لەسەر شمەك و خزمەت ↑

گوزاری —— خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ↑ —— خواست لەسەر کار ↑

2- خەرجی بەرهەم هێنان ↑ —— هەلی وەبەرهێنان ↑ —— هەلی کار ↑ —— خواست ↑

لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان —— خواست لەسەر کار ↑

## 9 -کاریگەری ئاستی گشتی نرخەکان لەسەر خواست لەسەر کار :

گاریگەری دوولایەنەی هەیە لەسەر خواست لەسەر کار ئەوانیش کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیە ئەمەش لەرێگەی ئەم یاسایەوە .

**داهاتی ڕاستەقینە =** داهاتی نەختینەیی / ئاستی گشتی نرخەکان

**بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان بە دووحاڵەت کاریگەری دەبێت :**

**1- کاریگەری نەرێنی:**

**ئاستی گشتی نرخەکان ↑ ــ نرخی شمەك و خزمەت گوزاری ↑ ـــ خواست شمەك و ↓**

**خزمەت گوزاری ↓ ـــ خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ↓ ـ خواست لەسەر کار**

# کاریگەری ئاستی گشتی نرخەکان لەسەر خواست لەسەر کار

## 2-کاریگەری ئەرێنی:

ئاستی گشتی نرخەکان ← تێکڕایی قازانج ← کەڵەکە بوونی

سەرمایەو پاشەکەوت ← وەبەرهێنان ← خواست لەسەر

هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ← خواست لەسەر کار

# 10-کاریگەری هۆکارە ئابووریەکان :

**کاریگەری سیاسەتی ئابووری دارایی دەوڵەت لەسەر خواست لەسەر کار سیاسەتی دارایی کاریگەری هەیە بەم شێوەیە:**

**أ-کاریگەری سیاسەتی خەرجی : زیاد کردن و کەمکردنی خەرجی پابەند دەبێت بە باری خولەکانی ئابووری.**

**أ.. لە کاتی گەشەی ئابووری (الانتعاش) واتە خواست گەورەتربێت لە خستنە ڕوو ئەمەش مانای وایە ئابووری گەشتوەتە هەڵ ئاوسان بۆیە دەبێت خەرجی کەم بکرێتەوە**

**ب..باری پوکانەوەی ئابووری واتە خستنەڕوو گەورەتربێت لە خواست بۆیە بێویستە خەرجی زیاد بکرێت کە ئەمەش دەبێتە**

**خەرجی بەرهەم هێنان ↑ ـ خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ↑ ـــ خواست لەسەرکار ↑**

## ب-كاريگەری سیاسەتی باج

ئەمەش وەك پاشەكەوت وایە لە *__دەركردە بۆ داهات__* دادەنرێت : بۆیە پێویست دەكات بزانرێت كە سیاسەتی باج نابێت بەرێژەیەك بێت كە كاریگەری هەبێت لەسەر داهاتی تاكە كەس یاخود قازانج و وەبەرهەمهێنان چونكە بەرزبوونەوەی باج دەبێتە هۆی دابەزینی توانایی كڕینی بەكاربەر هەروەها دابەزاندنی پاشەكەوت كردن لەلایەن وەبەرهێنەر.

باج ↑ — نرخی شتومەك ↑ — خواست لەسەر شتومەك ↓ — خستنەرووی ↓

بەرهەم — خواست لەسەر هۆكارەكانی بەرهەم هێنان ↓ — خواست ↓

لەسەر كار

**ج/كاريگەری سیاسەتی نەختینەی : لەسەر خواست لەسەر كار سیاسەتی نەختینەی ئەم ئامرازانەی خوارەوە دەگرێتەوە :**

**1-نرخی سوو 2-قەرزی گشتی 3- كرداری بازاڕی كراوە 4-نرخی داشكان 5- یەدەگی یاسای**

**كۆمەڵێك ئامراز بەئامانجی كاریگەری لەسەر خستنە ڕووی پارە وە بەهای پارە وەهەروەها لایەنەكانی نرخ دادەنرێت:**

# کاریگەری سیاسەتی نەختینەی

ئەم سیاستە نەختینەیە بۆ چارە سەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵدەستێت بە کەم کردنەوەی خستەڕووی پارە لەڕێگەی بەرزکردنەوەی نرخی سود یاخود لەڕێگەی بازاڕی کراوە لەلایەن بانکی بەمەر کەزی کە بریتیە لە فرۆشتنی چەك (الاوراق المالیە)کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خستە ڕووی پارە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی نرخ ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئەم کردارە دەبێتە هۆی کەم بونەوەی خواستی بەرهەم هێن لەسەر  هۆکارەکانی بەرهەم هێنان وە کەمبوونەوەی خواست لەسەر کار بەهۆی کەمبوونەوەی قازانج لەڕێگەی ئەم سیاسەتە توانرا کێشەی هەڵئاوسان جارەسەر بکرێت بەڵام لەلایەکی تر بوە هۆی درووست بوونی بێکاری بۆمان دەردەکەوێت کەسیاسەتی نەختینەی چالاکە  تەنها لەکاتی بوژانەوەی ئابووریدا .

هەلئاوساندا نرخەکان خستنەرووی پارە

## 11-كاریگەری  دڵنیایی كۆمەڵایەتی لەسەر خواست لەسەر كار:

كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر خواست لەسەر كار لەڕێگەی دروست بوونی كاریگەری توانایی كڕین بەكاربەر بەتایبەتی لەلایەن بێكاران وەنەخۆش یاخود خانەنشینان.

پ/كەی كاریگەری دڵنیایی كۆمەڵایەتی چالاك بوو لە وولاتی پێشكەوتوو ؟

وەلأم - لەساڵی 1929-1933كە ئامێری بەرهەم هێنان لەو ولأتانە لەبەرزترین ئاستدا بوو واتە لەڕووی ڕێژەی سەرمایەوە بەرزبوو كە كێشەی سەرەكی لەم ولأتانە كەخواست كەمە بوو بەرامبەر بەو خستنەروە زۆرەی كە لە  بازاردا هەبوو بۆیە كینز دڵنیایی كۆمەلأیەتی بە هۆكارەكی گرنگی دانا كە دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی توانایی كڕینی بەكار بەر بەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست  خاوەن سەرمایە لەسەر هۆكارەكانی بەرهەم هێنان هەروەها دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر كار

**بەڵام لەوڵاتانی تازە بێگەشتوو لەڕووی ئابووریەوە هەرچی  سەرچاوەی دارایی هەیە دابەش دەکات لەنێوان دڵنیایی کۆمەڵایەتی و پەرەبێدانی کۆمەڵایەتی.**

**بەڵام لە وولاّتانی تازەپێگەیشتوو ناتوانن بودجە تەنها تەرخان بکەن بۆ دڵنیایی کۆمەلاّیەتی چونکە ئەم وولاّتانە پێویستیان بە پەرەپێدانیش هەیە هەروەها بە هۆی نەبوونی ئامرازی بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو .**

# 12 كاريگەریی بازرگانی دەرەکی لەسەر خواست لەسەر کار:

**کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر چالاکی ئابووری بەمەش  کاریگەری ئەبێت لەسەرکۆمەڵێك گۆڕاوی ئابووری بەتایبەتی بەرهەم کە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرینی دەبێت لەسەر خواست لەسەر کار.**

**أ.کاریگەری هەناردە**

**بەرهەم ↑ ـــ ناوخۆ و دەرەکی ↑ ـــ خواست لەسەر کار ↑ هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ـــ ↑ خواست لەسەر کار.**

**هەناره ← هاتنە ژوورەوەی دراوی بیانی ← دووباره بەرهەم ↑**

**هێنان ← دابین کردنی هەلی کار ← خواست لەسەر کار ↑**

**ئەگەر هەناردە بەیەك یەکە زیاد بکات دەبێتە هۆی زیا بوونی دراوی**

**بیانی بەرێژەی زیاتر لەیەك**

ب/هاوردە:

هاوردەی شومەکی بەکاربردن ↑ ـــــ ئەنجام نەدانی پرۆژەی نویَ لەناوخۆ ↓ ـــ

بەرهەم هێنانی ناوخۆ لە شومەکی هاوردە ↓ ـــــــ خواست لەسەر کار ↓

هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ـــــ خواست لەسەر کار ↓ ـــــــ بێکاری ↑

هاوردەی شومەکی بەرهەم هێنان ↑ ـــــ دروست بوونی پرۆژەی نوی ئابووری ↑

ـــــ خواست لەسەر کار ↑ هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ـــــــ خواست لەسەر کار ↑

# ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی نەرمی خواست لەسەر کار

1 . نەرمی خواست لەسەر بەرهەم :-

خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ( فاکتەری کار ) داتاشراوە لەسەر بوونی خواست لەسەر شمەك و خزمەتگوزاری کە بەشداری دەکات لەبەرهەم هێنان . بۆیە نەرمی خواست لەسەر فاکتەرەکانی بەرهەم هێنان ( فاکتەری کار ) پابەندە بە نەرمی خواست لەسەر ئەو بەرهەمەی کە بەرهەم دەهێنرێت کاتێك نەرمی خواست لەسەر بەرهەم نەرم بێت , ئەوا نەرمی خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ( فاکتەری کار) نەرم دەبێت بەمەش چەماوەی خواست شێوەیەکی سادە وەردەگرێت .واتە چەماوەکە چەمانەوەی کەم دەبێت بەواتایەکی تر کاتێك نەرمی خواست لەسەر بەرهەم بەرز بێت گۆڕانێکی کەم لە نرخ دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕی فرۆشتن , لێرەدا گۆڕانێکی کەم لە کرێ دەبێتە هۆی گۆڕانێکی زیاتر لە بڕی خواست لەسەر کار. بەڵام کاتێك نەرمی خواست لەسەر بەرهەم نا نەرم بێت ئەوا نەرمی خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ( فاکتەری کار ) نا نەرم دەبێت .

## 2. توانای جێگرتنەوە لەنێوان هۆکارەکانی بەرهەم هێنان :-

هۆکاری جێگرتنەوە بەیەکێك لە هۆکارەکان دادەنرێت کە نەرمی خواست لەسەر هۆکارەکانی بەرهەم هێنان دیار یدەکات . لەکاتی بوونی هۆکاری جێگرەوە بۆ هۆکاری کار ئەوا نەرمی خواست لەسەری بەرز دەبێت بەتایبەتی کاتێك کە ئەو هۆکارە جێگرەوەیە زۆر بێت وە هەمان توانای تێربوونی هۆکاری کاری هەبێت . بەرزبوونەوەی کرێی کار بۆئاستێکی بەرز دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هۆکارێکی تری جێگرەوە کە نرخەکەی کەمتر بێت ڕێژەکەی بەرزتر بێت وەك سەرمایە , بەڵام ئەگەر هۆکاری جێگرەوە وەك (سەرمایە ) سنووردار بوو وە نرخەکەی بەرزبێت ئەوا نەرمی خواست لەسەر کار نانەرم دەبێت بەشێوەیەکی گشتی دەتواتیت بڵێین نەرمی خواست لەسەر کار پابەندە بەرێژەیەکی گەورە بەنەرمی جێگرەوە لەنێوان هۆکارەکانی بەرهەم هێنان ) ...... نموونە (هۆکاری سەرمایە )

# 3. رێژەی بەشداری هۆكاری كار لە تێچوونی گشتی بەرهەم :.

نەرمی خواست لەسەر كار پابەندە بە گرنگی رێژەی هۆكاری كار لەكۆی گشتی تێچوون , كاتێك هۆكاری كار بەشێكی گەورە لە تێچوون پێك بهێت , بەنموونە (75٪) گۆڕانكاریەكی كەم لەكۆی كار كاریگەریەكی زۆری هەیە لەسەر تێچوونی گشتی بەرهەم لەسەر نرخی بەرهەم و بڕی فرۆشتن بۆیە نەرمی خواست لەسەر كار نەر م دەبێت ,كەم بوونەوەیەكی كەم لەكرێی كرێكار كە (75 ٪) تێچوونی گشتی پێك دێنێت دەبێتە هۆی گۆڕانكاری گەورە لە تێچوونی بەرهەم , بەپێچەوانەوە ئەگەر هۆكاری كار ڕێژەیەكی كەم پێك بهێنێت لە تێچوونی گشتی بەرهەم نەرمی خواست لەسەر نا نەرم دەبێت.

# تایبەتمەندیەكانی خواست لەسەر كار

- 1- خواست لەسەر كار خواستێكی داتاشراوە لە خواستی شمەك و خزمەتگوزاری بۆیە نەرمی خواست لەسەر كار پەیوەندی دارە بە نەرمی خواست لەسەر شمەك و خزمەتگوزاری بەشێوەیەكی ڕاستەوانە.

2- ئەوخاڵەی كە خواست لەسەر كار جیادەكاتەوە لە خواست لەسەرشمەك و خزمەتگوزاری بریتیە لەوەی كە خواست لەسەر كار پەیوەندی دارە بە كەسایەتی كرێكار ، بڕی خواستراوی كار جێگیر نیە لە كۆمەڵەیەكی دیاری كراو لە كرێكاران بۆیە جیاوازە بە كۆمەڵێك هۆكار( بڕی لێهاتووی ، ڕەگەز ، تەمەن ، توانای جەستەیی ...هتد ) .

3- خواست لەسەر كار تەنها ناوەستێتە سەر ئاستی كرێ بەڵكو كاریگەر دەبێت بە كۆمەڵێك هۆكاری تر وەك كاریگەری كات و وەك ئارەزووی بەكاربەران ، هەروەها گۆڕان لەسەرمایەی كەڵەكەبوو.